# دانَنان بەمافی چارەی خۆنووسین مەرجی بە دیموکراتی بوونە. .

کەمال رەئوف

واخەریکه پتر لەچوار مانگ بەسەر مەرگ و ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسدا تێدەپەڕێت کەچی وەك ئەوەی چاودێرە سیاسی ولێکۆلەرەوە سەربازییەکانی هاوپەیمانان وئۆپۆز یسۆنی کۆنی عێراقی چاوەڕێیان دەکرد، عێراقی دوای سەدام حسێن وولاَتێکی ئارام وبیَ کێشەو سەرئێشە بێت وانەبوو، هەروەها ئەو بەرگرییەشی کەناسیۆنالیزمی عەرەبی چاوەڕییَ دەکرد، دیسانەوە وادەرنەچوو، ئەمڕۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی دلَی خۆیان بەو چەند تەقوتۆقە خۆشدەکەن کەلێرەو لەوێی شارەکاندا ڕوودەدەن و ئەوە بەدەستکەوتی نەتەوەیی و بەسەرکەوتن و ڕووبەروونەوەی خەلَکی عێراق لەگەلَ داگیرکەران لەقەلَەم دەدەن، ئێمە لێرەدا قسە یەکمان لەسەر ئەوەنیە کە ئەو کەسانەی ئەو کارەدەکەن چین و خەلَکی کوێن و لەکوێوە هاتوون وچی دەکەن، بەلاَم جێگەی خۆیەتی ئەوەبلێین : کە دەمێکە سەدام حسێن و دامودەزگاکەی گیانی نیشتمان پەروەرێتی و داکۆکیکردن لەعێراقیان لەخەلَکی ئەم وولاَتەدا کوشتووە، هەربۆیە ڕاستر وایە بلێین ئامانجی ئەو تەقوتۆقەی کەهەیە هێندەی پەیوەندی بەدەست تێوەردانی ئەملاوئەولاو ململانێیەتی و ناکۆکی ئایدلۆژیەتی ناوبالَ و تەیارەجیاجیاکانی عێراقەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندی بەهەستکردنی نیشتمان پەروەرێتی وبە خەمە وە هاتنی عێراق و عێراقیەکانەوە نییە ! چونکە خەلَکی عێراق لەچەند دەیەی ڕابردوودا و تارادەیەکیش بەدرێژایی تەمەنی دامەزراندنی دەولَەتە ناوەندیە کەیەوە ئەوەندەی هەستی بەهەوێیەتی خۆی کردوە وەك تاك لەڕێگەی عەشیرەت و شێخ و حیزبەوە ئەوەندە هەستی بەهەوێیەتی عێراقی بوونی خۆیەوە نەکردووە، هەربۆیە ئەستەمیشە لە خەلَکێکی وا کەلەخەسلَەتی هاولاَتی بوون داماَلرابێت چاوەڕوانی نیشتمان پەروەرێتی و دلَسۆزی بۆنیشتمانی لیَ بکرێت کە ڕەنگە ئەوە ئێستاگەورەترین کێشەی هاولاَتیانی وولاَتە عەرەبیەکانی تریش بێت بۆیە خەلَکەکانیان ئامادەن بەلێشاو کۆچ بکەن وهاولاَتی بونی نیشتمانەکەی خۆیان بگۆڕنەوە بە ئیقامەیەك کەلەوولاَتێکی ئەوروپی پێیان بدرێت.

خەلَکی کورد کەهەرلەسەرەتا وە بەزۆر لەو دەولَەتە مارەکراوە و لکێنراوەبەم چوار چێوە سیاسیەوە لەهەموولایەنەکان و لەهەموو نەتەوەکانی تر زەرەر مەندتربوە بەم یەکگرتنە ئیجباریە، بەلاَم لەم ئالَوگۆڕانەدا پێچەوانەی ئەوەی کەچاوەڕواندەکراو لەزاری ناسیونالیست و کەنالَە ئاسمانیە عەرەبیەکانەوە پروپاگەندەی لەسەردەکرا نەك کورد مەترسی دوولەتکردن و چەند پارچەیی بۆ عێراق دروست نەکرد، بەلَکو لەهەموو لایەنەکانی تر نیشتمان پەروەرتر داکۆکی کارتربوو بۆیەکپاچەیی خاکی عێراق، ئەوەتا سەرباری ئەوەی کە خۆی پتر لە دە سالَە دووحکومەت و ئیدارەو هێزو ئیمکاناتی هەیە وناوچەیەکیش کەبەقەد پانتایی خاکی سیوسرادەبێت لەبن دەستیدایە، سەرباری ئەوەی کەشەرعیەتێکی میللی هەیەو دەرس و ئەزموونێکی تالَی لەگەلَ دەسەلاَتی ناوەنداهەیە، کەچی ئامادەیە لەچاوتروکاندنێکدا هەمووئەوانە بکاتەوە بەقوربانی دامەزراندنەوەی دەسەلاَتی ناوەندو خۆی ببێتەوە بەبرابچووك و مارەبڕی ئەو دەسەلاَتەی کەتاکوئێستا هیچ زەمانە تێك نیە بۆئەوەی سبەیی ڕۆژ مافەکانی خەلَکی کورد بسەلمێنێت، خەلَکی کورد بەهەمووکێشەو ناتەباییەکەوە کەلەم ناوچەئازادکراوەدا هەیە هێشتا ئەم هەلومەرجە بەدەستکەوتێکی گەورەی خەبات و تێکۆشانی چەندسالَەی خۆی دەزانێت و مافی خۆشیەتی داکۆکی لێبکات و نەی هێلَێت حیزبەگەورەکان بیکەنە دیاری دەستیان بۆبەدەستهێنانی دەستکەوتی حیزبی، من بۆخۆم کەپتر لەبیست سالَ بوو هەلگری بیرو باوەڕی عێراقچێتی بووم، ئێستاشی لەگەلَدابێت، لەوسۆنگەیەوە ئەوبیروباوەڕەم لاباش بووە، کەدوای ڕوخانی دەسەلاَتی ناوەند میللەتە کانی ناوعێراق بەهەقی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنوسینین تاڕادەی جیابونەوە بگەن، دەنا بەبیَ سەلماندی ئەو مافە ئەوا هەموو چەمك و بۆچونەکان لەسەر دیموکراتیەت نەك هەر دەکەونە ژێر پرسیارەوە بەلَکو لەبەر یەکیش هەلَدەوەشێنەوە ودەبنە قسەی پروپوچ و بیَ مانا، چونکە پەیوەندی میللەتی سەردەست و بن دەست ڕێك وەك پەیوەندی ژن و مێردایەتی وایە، کاتێك ژیانێکی تەندروست و بیَ کێشە دەرسکێت کەدەبێت بریاردانی پێکەوەژیان و لێك جیابونەوە بۆ هەردوولایان وەك یەك ئازادبیَ و هیچ لایەکیان نەخرێتە ژێر فشارەوە وبەبیانووی جۆراو جۆرئەو مافەیان لیَ زەوت نەکرێت، دەنا پێچەوانەکەی بەئاشکرادەردەکەوێت ئەو پێکەوە ژیانەی کە

ئیختیاری نەبێت لەنگیەکی تیایەو ئەو لەنگیەش دەبێتە مایەی سرینەو ناشرینکردنی شتەجوانەکانی پێکەوە ژیان، هەروەها خەڵکی کورد هەقی خۆیەتی لەم قۆناغەدا بەچاوی گومانەوە بڕوانێتە ئەو ئامۆژگارییانەی داوای ئەوەیان لێدەکەن کە هەندێك دەست لە مافی بڕیاردانی چارەنوس هەڵبگرێت، چونکە ڕەنگەلەپشتی ئەو ووتەیەوە لەم قۆناغەدا بوونی خەڵکی کورد بۆ ئەو هاوسەنگی هێزە بەکار بهێنرێت کەرێژەی عەرەبە ئیسلامیەکان لەدەسەلآتی ئایندەو مەجلیسی حوکمەکەی ئێستا پشت ڕاست بکەنەوە ! کەبەپێچەوانەوە کورد دەتوانێ لەو فرسەتە کەڵك وەر بگرێت و خۆی نەکاتە شەریکی ئەوانەی کەدەیانەوێت لەمینبەری مزگەوت و لەحەوزە مەزهەبیەکانەوە دەستوربۆ سەرتاسەری عێراق دارێژن، پتر لەچەندساڵە ڕۆشنبیرانی کورد ململانێ لەگەڵ ئەقڵی شاخدا دەکەن بەڵام چونکە ئەو ئەقڵە فەلسەفەیەکی لەپشت نەبووە، بۆیە مامەڵە کردن لەگەڵیدا مەرینتر بووە تاکو ئەوانەی کەبونیان لەسەر فەلسەفەیەك دارێژراوە کەبۆخۆی پایەکانی لەسەر نابەرابەری توندوتیژی وەستاوە، لێرەوەیەکە خەڵکی کورد هیچ تاوانی لەوەدا نییە کەخەڵکی عەرەبی عێراقی دابەش دەبن بەسەر دوومەزهەبی جیاوازدا و زۆرینە پێك دەهێنن، پاشان لەهیچ شوێنێکی ئەم دنیایە دوومەزهەبی سەربەیەك ئاین ئەو جیاوازکاریانەیان بۆنەکراوە کەئێستا لەعێراقدا دەکرێت، ئەوان کەسەر بەیەك ئاینن و سەربەیەك نەتەوەن ویەك زمانیان هەیە ئیتر ئەم جیاخوازیە لەپایەچی ؟ مەسیحیەکانی فەلەستین کەئاینیشیان جیاوازە لەگەڵ موسلمانە فەلەستینیەکاندا هەریەك داوایان هەیە لەبەرامبەر ئیسرا ئیلیە کاندا، چونکە گەر بەپێی ئەو جیاوازیانەبوایە کەئێستا فەرزکراوە بەسەر مەجلیسی حوکمەکەدا دەبوایە ئێزیدی وئاینەکانی تری کوردیش لایەکیان لێ بکرایە تە وە و جێگەیەکیان بۆدیاری بکرایە، من پێم وایە خەڵکی کورد گەر زانیان هەوڵی ئەوەلەئارادایە کەدەستورێکی شەرمنانە دارێژرێت بۆ عێراق و لەبەر تیشکی حەوزەعیلمیەکاندا بهۆنرێتەوە دین و دەوڵەت بەتەواوەتی لەیەکتر جیاناکرێنەوە، هەقوایە فشار بۆکوردەکانی ناومەجلیسەکە بهێنرێت تاکو دەست لەهاوکاری بکێشنەوەوبیرلەشێوازی تربکەنەوەو ئەمەش ئازایانە بەدنیاڕاگەیەنن، چونکە ئەگەر مەسەلەکە پەیوەند بکەنەوە بەرێژەی دانیشتوانەوە، ئەوە دیسانەوە فێڵێك بەناوی دیموکراتیەوە لەئارادایە، فێڵێك کەسەرێکی بەدەست شوڤینیزمی عەرەبیەوەیەو سەرەکەی تری بەدەست سازشی ئەمەریکیە وەیە ولەبەرامبەر بەرژەوەندی خوازی خۆی لەگەڵ ووڵاتانی هەرێمایەتیدا، هەربۆیە هەڵەیەکی کوشندەیە گەر نەتوانین بیرلە هەموو خەیارەکان بکەینەوە و تەنها بەو ئامۆژگاریانەبچین بەرێوە کەبەگوێماندا دەدرێت، حیزبە کوردیەکانیش گەر بەبێدەنگ بوون وڕازی بونیان دەیانەوێت بەبەرزکردنەوەی دروشمی فیدراڵی فیدراڵیەك کەسەروبنی نیەو هیچی دیارنیە! شانی خۆیان لەو بەرپرسیارێتیە خاڵی بکەنەوە ونەیانەوێت مافی چارەی خۆنوسین بسەلمێنن، ئەوائەوانیش دەبنەشەریك و سەرێکی تری ئەوفێڵەو ناهەقیەیی کەلەخەڵکی کورد دەکرێت، چونکە ئەگەر بڕیاربێت حکومەتی فیدراڵی یەکێتیەکی ئیختیاری هەموولایەك بێت، کەواتە دەبێت مافی ئەوەش بۆ لایەنەکان دەستەبەربکرێت کەئەو یەکێتیە هەڵبوەشێننەوە، نەك زەمانەتی پێکەوە بوون بکرێتە مەرجی بەدیهاتنی فیدرالیەت، کەبەدڵنیایەوە ئەمەی دواییان هیچ نابێت جگەلە گەمەیەکی سیاسیانەو هەنگاوێکی نادیموکراتیانە و کورت بینانە.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی نووسەرەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.